# بانگەوازی پاراستني كەرامەتی مرۆڤایەتی

## جەزا چنگیانی

هاوولاتی خۆشەویست هاوبەشیكردنت لە هەلبژاردندا وەك  هاوبەشیكردنتە لە ئەنفالیكی نۆی كورد و قادسییەكی تری صدام دا. هاوبەشیكردنت دەبێتە هۆی زیندوكردنەوەی هێزی ناسیونالیستی عەرەبی . هاوبەشیكردنت خیانەتە لە ئەركی نەتەوایەتیت . ویژدانی قوربانیەكانی كوردستان ئازار و كەرامەتیان سوكدەكات . هاوبەشیكردنت لە هەلبژاردندا . هاوبەشیكردنتە لە فروشتنی كوردستان و كەرامەتی كورد بە گشتی . هاوبەشیكردنی كورد بێ گەڕانەوەی كەركوك . خانەقین و موصل و هەموو شارو شارۆچكەكانی بە عەرەبكراو خیانەتە . هاوبەشیكردنی كورد لە هەلبژاردندا هاوبەشیكردنی قۆنتەراتی فرۆشتنی كوردستانە كە جەلال و مەسعود بە ناسیونالیستی عەرەبیان فرۆشتوە . هەروەك شەڕەكانی نێوان مەلایەكان و جەلالیەكان . لەم هەلبژاردنەشدا تەنیا ڕۆلەی ڕەش و ڕووتی كورد باجی دەدا و خێزانی ئەو دوو دیكتاتۆرە بە ویژدانیكی پیسەوە بەختیار دەژین . بە قسەی بریقەداری ئەو دووانە و بەلێنی سەفیری ئەمەریكی وبەریتانی و ئیمزای عەرەبەكانی بەغدا بڕوا مەكەن . میژوومان چەندەها جار لەم جۆرە بەلێنانەی بە چاو شۆریەوە تۆمار كردوە .هاو وولاتی بەڕیز داوا بكەن كیشەكەمان وەك كێشەی ڕەشە داماوەكانی خۆاروی سودان لە سەر ئاستی نیودەولەتی چارەسەر بكریت . نەك لە ئاستی خۆازبینی كیژێكی هەژاردا . هاوولاتی خۆشەویست جەلال و مەسعود ئەو ساتەی لە سەر میزێكی خر دەستیان خستە دەستی یەكتری و خۆینی هەموو قوربانیەكانی شەری نیوانیان كردە زیرابی ویژدانیانەوە . ئەوساتە دەبوایە میللەتی كورد داوای دادگایان

**بكردايە هاوبەشی ئەندامانی دەم چەورکراوی مەلای و جەلالیەکان لە هەلبژاردندا وەك هاوبەشی تەحسین شاوەیس و جاشەکانی وایە لە ئەنفالدا . ئیستا هەریەکە لە ئێوە بەرامبەر بە ئەرکیکی نەتەوایەتی و مرۆی و ویژدانی بوونەتەوە ..**

**هاوبەشی مەکەن با میژووتان پیس و ویژدانتان ئازارتان نەدا .**